# بەکرێدانی کۆهاتوو بە موڵک کردن

[ كردي – کوردی – kurdish ]

**ئامادەکردنی:** دانا عبد الرحمن فەرەج

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الإجارة المنتهية بالتمليك )

« باللغة الكوردية »

إعداد: دانا عبد الرحمن فرج

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# بەكرێدانی كۆهاتوو بە موڵک کردن

مەبەست لە بەكرێدانی كۆتاهاتوو بە موڵك كردن ئەوەیە كە كۆمپانیایەك یان بانكێك یان كەسێك هەستێت بە بەكرێدانی شتێك وەك ئۆتۆمبیل یان خانوو یان دوكان بە كەسێك یان لایەنێك بۆ ماوەیەكی دیری كراو وو بە نرخێكی زانراو كە زۆر جار ئەو نرخە لە نرخی كرێی ئاسایی زیاترە، بەمەرجێك ئەو شتە بكاتە موڵكی كرێچیەكە بە گرێبەستێكی تازەی بە موڵك كردن ، ئەگەر هاتوو ماوەی بەكرێدانەكە تەواو بوو و ئەویش سەرجەم كرێكانی دابوو بە خاوەن ماڵكە.

ئەم مامەڵەیە لەڕوی مەبەست و ئاكامەكەیەوە لە كڕین بە قیست دەچێت ، بەڵام ئەوەیە لێرەدا ئەو شتەی كە گیراوە بەكرێ نابێتە موڵكی كەسی دووەم تا سەرجەم قیستی كرێكان نەدات ، بە پێچەوانەی كڕینی قیست كە لەگەڵ قبوڵ كردنی گرێبەستەكەو وەرگرتنی ماڵكە دەبێتە موڵكی كەسی دووەم .

هەروەها لەڕووی پێكهاتەوە لەیەك ناچن ، چونكە ئەم مامەڵەیە لە دوو گرێبەستی سەربەخۆی جیاواز پێك دێت :

یەكەمیان گرێبەستی بەكرێدان كە لەسەرەتادا دەست پێ دەكات و دووەمیشیان گرێبەستی بە موڵك كردنی شتەكەیە پاش كۆتایی هاتنی ماوەی كرێكە ئەنجام دەدرێت .

لەم جۆرە مامەڵانەدا زانایان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەدروستی و نادروستی ئەم گرێبەستانە ، بەتایبەتی دەربارەی ئەوەی ئایا دروستە بكرێتە مەرج لەسەر لایەنی دووەم كە نابێت شتەكە ببێتە موڵكی ئەو هەتا ئاخر قیستی كرێكە نەدات؟

بۆیە بەپێویستی دەزانم ڕای زانایان لەم مەسەلەیەدا بخەمە ڕوو ، چونكە ئەمە لایەنی هەرەسەرەكی مامەڵەی بەكرێدانی كۆتاهاتوو بە موڵككردنە :

ڕای یەكەم / جمهوری زانایان پێیان وایە دروست نیە بكرێتە مەرج لەسەر لایەنی دووەم كە نابێت ئەو شتە ببێتە موڵكی هەتا ئاخر قیستی پارەكەی نەدات ، چونكە فرۆشتنی هەرشتێك واتە گوێزرانەوەی موڵكایەتی ئەوشتە لە فرۆشیارەوە( كەسی یەكەم ) بۆ كڕیار ( لایەنی دووەم ) .

ڕای دووەم / لە مەزهەبی مالیكی و حەنبەلی دا پێیان وایە دروستە بكرێتە مەرج لەسەر لایەنی دووەم كە نابێت ئەو شتە ببێتە موڵكی هەتا ئاخر قیستی پارەكەی نەدات ، چونكە ئەسڵ لە گرێبەست و مەرج دا حەڵاڵیە ( الأصل في العقود والشروط الإباحة ) ، وە پێغەمبەر ( دروودی خودای لێبێت ) دەفەرموێت : " المسلمون عند شروطهم " .

هەروەها لەبەرئەوەی شتەكە لەم مامەڵەیەدا وەك ڕەهن وایە و موڵكیەتەكەی لەسەر لایەنی

یەکەم دەمێنێت هەتا لایەنی دووەم تەواوی پارەی قیستی کرێکان تەواو تەسلیم دەکات .

هەروەها کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لە کوەیت لە ١٩٨٨/١٢/١٥ ئەم جۆرە مامەڵەیەی بە دروست زانی .

ئەگەر بێتو سەیری بەکرێدانی کۆتاهاتوو بە موڵك کردن بکەین هەندێ مەسەلەی تێدا دەبینین ئەویش :

١) بریتیە لە کرینێکی بەقیست بەمەرجێك موڵکیەتی شتەکە نەگوازرێتەوە بۆ کەسی دووەم تا دواهەمین قیست تەسلیمی کەسی یەکەم ئەکات .

٢) وەعدێکی واجبە لەسەر لایەنی یەکەم ( خاوەن شتەکە ) بەوەی کە ئەو شتە بەکرێ گیراوە بکاتە موڵکی ئەو کەسەی کە بەکرێی گرتووە دوای تەواوبونی وادەی کرێکە و تەسلیم کرنی تەواوی قیستی کرێکان.

٣) بریتیە لە گرێبەستی کرێ لەماوەی قیستەکاندا .

٤) گرێدانی کرێ و فرۆشتن و وەعدە لە یەك گرێبەست دا .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين